# کەمال جەمال موختار ئیسپاتی کرد کە سەربەخو نیە ... هاوار حاجی

لە رۆژی 2005/11/5 تەها بەرواری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکوری ئەوروپا چاوپێکەوتنێک لەگەل رادیوی هاوپشتی لە سوید ئەنجام دا لەسەر مەسەلەی گرتنی کەمال سەید قادر. لەو چاوپێکەتنە دا بەرواری بە تێروتەسەلی و بە شێوەیەکی شارستانی و ئەکادیمی وەلامی هەموو پرسیارەکانی بێژەری رادیویەکە و هەموو ئەوانەی بە تەلەفون بەشداری پروگرامەکە کردی دران. ئەگەر کەسێکی بێلایەن گوێ لە قساکانی بەرواری بگرێت و بەراوردی بکات لەگەل نوسینەکانی کەمال سەید قادر باش ئاشکرا دەبێت کە ئسلوب و مێتودی ووشە بەکارهێنان لە ئەرد تا ئاسمان جیاوازە. هەر لەو چاوپێکەتنەدا تەها بەرواری ووتی کە ئەو ئامادەیە لەگەل هەر کەسێک یان لایەنێک دانیشیت، سمینار بدات و لەسەر بابەتی گرتنی کەمال سەید قادرگفتوگو بکات.

لە رۆژی 2005/5/7 کەمال جەمال موختار نامەیەک لە مالپەری خوی کوردستان پوست دا بلاو کرایەوە کە داوا لە تەها بەرواری ئەکات کە لە رۆژی 2005/11/13 لە ژوری کوردستان یونایتد رۆبەرۆی یەکتری ببنەوە.

1- ئەم ژورە دەمێکە لە ناو جەماوەری کورد دا بە جاش یونایتد بەناوبانگە. بو کەسێکی وەک تەها بەرواری نابێت بچێتە ناو ئەو ژورەوە. چونکو بەرواری هەموو ژیانی پێشمەرگە بویە و دژی جاشان خەبات کردوە.
2- مەسەلەیەکی کوردی هەیە ئەلێت (رێوی لەبەر دەگای کونی ئازایە) . کەمال موختاریش تەنها لە ناو کونی کردستان یونایتد ئازایە، لەناو پالتاک دا زۆر ژوری کوردی هەیە بوچی تەنها ئەم ژورەی هەلبژارد.
3- پاش تێپەربونی دوو رۆژ کەمال جەمال موختار وەلامی داواکەی تەها بەرواری دایەوە، ئەمە تەنها ئەوە نیشانی دەدات کە خاوەنی مالپەری کوردستان پوست سەر بە لایەنێکە و ناتوانێت بە ئازادی بریاری خوی بدات، ئەو لایەنەش ئێستا لەناو خەلک دا بە رونی ئاشکرا بویە کا چ هێزە فەرمان و ئاموژگاری بو ئەو جەمال موختارە دەنێریت.
4- کەمال جەمال موختار لەو نەمەیەدا کە ئاراستەی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکوری ئەوروپا کردوە دەلێت (بەبێ ئەوان ناتوانم بریارێک بدەم) شوکر بو خوا کە موختار دانی پێدانا کە مێشکی لەدەستی کەسانێکی تر دایە و ئازاد و سەربەخو نیە و ناتوانێت بە بێ ئەوان بریارێک بدات.